# "داعش"ی چەکی دەستی داگیرکەران و چەند پەیڤێک ....



هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠١٥/١١/١٨

" ***داعش منداڵێکی زۆڵە و باوکی زۆری هەیە*** " ....نووسەرێک

لەم ڕۆژانەدا هەواڵێکم بەرچاوکەوت،گوایە ڕێکخراوی تیرۆریستی "داعش" نێزیک بە ٢٠٠ چەکداری خۆی ،کە بەنیازبوون لێی جیاببنەوە،گوللەباران کردووە. ئەمانە داعشەکانی وڵاتی چیچان و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتن،کە بۆ خۆیان لە بنەڕەتدا،دژ بەدەسەڵاتی کرملین/ڕووسیا لە شەڕدان. ئەم جیاوازی و هەوڵی جیابوونەوەش لەو ڕۆژەوە سەری هەڵداوە،کە دەوڵەتی ڕووسیا، لەسەرزەمین و لە ئاسمانەوە بە کردەیەی کەوتۆتە داکۆکی و پشتیوانی مانەوەی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد و گوایە شەڕی گەرمی دژ بە تیرۆریستان.

ئەم دەستەیە، داوایان کردووە،شەڕی ڕاستەقینەی ئەوان، دەبێت دژ بە ڕژێمەکەی ئەسەد بێت ،بۆیەکا ویستوویانە لە داعش جیاببنەوە و پێوەندی بە ڕێکخراوێکی تری تیرۆریستی "بەرەی نەسەرە"وە بکەن. داعش ئەم داوایایەی لێ نەسەلماندوون . ئیدی دەبینین چۆن داعش،کە هەرگیز ئەو مەترسییە نەبووە،بۆسەر هیچ لە پایەتەختەکانی : ئەنقەرە و تاران و بەخدا و دیمەشق،بەم کارە ڕازی نابێت و بێ سێ و دوو لێ کردن ، لە ناویان دەبات.

لەوەتەی داعش،سەری هەڵداوە، منیش وەک ئەو بۆچوونەی سەرێ بە بەچکەی هەموو داگیرکەرانی کوردستانم داناوە.یاخود باوکی ڕاستەقینەی داعش چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستانە.

داعش،واتە" دەوڵەتی ئیسلامی لە وڵاتی عێراق و شام" ،کەچی لەو ڕۆژەوە قوتکراوەتەوە، تاکە مەترسی و هێرشێکیان بۆ سەر پایەتەختی ئەم دوو دەوڵەتە نەکردووە و ئەنجام نەداوە.ئاخر ،گەر ڕێکخراوێک بە ئامانجی دەوڵەتگەلێکی ئاوهاوە هاتبێتە مەیدانەوە، دەبێت هەوڵی سەرەکی بۆ دەستبەسەرداگرتنی پایەتەختی ئەو دوو دەوڵەتە،یان هەرنەبێ یەکێکیان خەستوخۆڵ بکاتەوە. چونکە لە ئاکامدا بێ دەستگرتن بەسەر ئەو پایەتەختانەدا، هیچ ئامانجێکی نایەتە دی..

ئەوەی دەیبینین، ساڵانێکە،لە شاری "ڕەقە" لە نێوان شام و بەخدادا،باریان لێ خستووە و کردوویانەتە پایەتەختی خۆیان.

دوای داگیرکردنی موسڵ لە لایەن داعشەوە،لە ئابی ٢٠١٤ دا،کورد لە باشوور توانی ڕووبەرێکی باشی نیشتمانە داگیرکراوەکەی بێ تەقە، ڕزگار بکات و بڵێ ماددەی" ١٤٠" لیش،تەواو بوو. سەرۆکی هەرێم کەوتە گەشتێکی سەرتاسەریی لە تەواوی بەرەکانی شەڕی دژ بە داعش..کە ئەمەش بۆخۆی نمایشتێکی سەربازیی و هاوکات نیشاندانی وێنەیەکی جوان و بەهێزی یەکێتی کوردان بوو، بە دۆست و دوژمنان. هەرچۆنێک بێت ،چ حیکمەتێک خەرج کرابێت،یان ڕێکەوتێک ڕۆڵی بینیبێت بێت، کورد توانی سەرکەوتنێکی سەرزەمینی و مۆراڵی گەورە بەدەست بهێنێ.

هەر زۆری نەبرد ساتێ داگیرکەرانی کوردستان، هەستییان بە هەڵە و گوناهەکەیان کرد،چاویان یەکێتی و یەکریزی و سەرکەوتنەکانی کورد کەوت، دەستبەجێ کەوتنە کێشانی نەخش و پلانێکی تر...ئەوە بوو وا

بانگاشە و چاوەڕوان دەکرا،داعش ،کە لە سنوورەکانی شاری بەخدا نێزیک بووەوە و لە نێو بەخداشدا،لایەنگر و سیمپاتیزانی زۆری هەبوو،پەلاماری بەخدا بدات و داگیری بکات و دەسەڵاتی رەهای خۆی لە پایتەختی دەوڵەتە بانگەوازبۆکراوەکەی خۆیانەوە راگەیەنێ، کەچی لەناکاو دەڤەری شەنگال، بووە ئامانجی ستراتیژی داعش و ئەو کارەسات و مەینەتییە بەسەر کورددا روویدا،کە بەدرێژایی مێژوویەکی دوور سارێژ نابێتەوە.

لێرەدا دەبینین،داعش ئەو چەکە کاریگەرەی دەست هەموو داگیرکەرانی کوردستانە،کە هەر یەکەیان لە روانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە و هاوکات بەرژەوەندی هاوبەشی گشتی خۆیانەوە، بەکاری دێنێ. بە کورتی:

ئەنقەرە: ئەو شەڕەی،کە لە کوردستان و قەندیل بەرامبەر بە کورد و پ ک ک ،پێی ناکرێ،وا لە رێی داعشەوە دەبەوێ ئامانجەکانی بەدەست بهێنێ و بە هەموو توانایەکی ماکی و مینۆکی خۆیەوە بە نهێنێ و بە ئاشکرا ،هاوکاری داعش دەکات و مەبەستێتی بوون و شەڕی داعش بەردەوام بێت.

تاران: لەرێی داعشەوە، گەلێ ئامانجی بەدەست هێناوە. عەرەبی سوننە،بە تایبەت لە عێراقدا شپرزە و هەلاهەلابوون و کەس نییە نوێنەرایەتییان بکات. بەواتایەکی دیکە چ هێزێکی سوننە نییە،مەترسی بۆسەر شیعەی بەخدا دروست بکات و سبەینێ بێتەوە بە مێملێکی ترسناکی دەوڵەتی ئێرانیش .

داعش رۆڵێکی باشی هەبووە لە هێشتنەوەی رژێمەکەی ئەسەد،چونکە بە توندی دژی هەموو گرووپ و لایەنەکانی دژ بە ئەسەد شەڕیان کردووە. ئێمە دەزانین ئەسەد نوێنەرایەتی کەمینەیەکی عەلەوین،لێ ئەوەی لەپشت ئەسەدەوەیە،رژێم و حیزبێکی عیلمانی بەعس و ئەرەبی سوننەیە.

ئەوەی لێرەدا شیاوی لەبیرنەچوونەوەیە،راگەیاندنە بەردەوامەکانی ،تارانە.دەیانگووت،ئێمە نەبووینایە،"بەخدا" دەگیرا،ئێمە رێگەمان بدایە "هەولێر" گیرا بوو. کار گەیشتە ئەوەی بڵێن ئێمە نەبووینا "کۆبانێ"ش دەگیرا و ...هتد. کەچی نەمانزانی بۆچ ئێران رێگەیدا،داعش موسڵ و رومادی و فەلوجە و سامەڕرا و زۆر شوێنی دیکە داگیر بکات و تا ئێستاش هەر لەبندەستیدایە...

بەخدا: بە شێوەی تاران، سوودی لە داعش وەرگرتووە لەو زەبرانەی بە سوونەی گەیاندووە. هاوکات ئەوەی بەخدا بەرامبەر بە کورد پێی نەدەکرا،ـ بە تایبەت دوای رزگارکردنی ناوچە داگیرکراوەکان و بانگاشەی بەسەرچوونی ماددەی ١٤٠ـ،ئەو لە رێی داعشەوە دەردێکی تاڵ و زامێکی قووڵی دا بە شەنگالی کوردستانەوە. بەهەمان شێوە بوونی داعش فاکتێکی بەهێز و کاریگەری مانەوەی رژێمەکەی ئەسەدە. هەردووش کوتەکی دەستی تارانن و سەرزەمین و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئێران دەنوێنن.

دیمەشق: داعش بە بەچکەی خۆی دەزانێ،هەر بۆیە بەردەوام بەشار ئەسەد و رژێمەکەی بانگاشەی ئەوە دەکەن،تا لەگەڵ ئێمە رێکنەکەون، داعش دەمێنێ،بە واتایەکی دیکە لەگەڵ ئێمە رێککەون،ئێمە دەتوانین داعش بۆ ئێوە لەنێو بەرین.. ئەوەتا بەشار ئەسەد، لە نوێترین دەرکەوتنیدا،دوای رووداوە خوێناوییەکانی رۆژی ٢٠١٥/١١/١٣ لە پاریس، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە،کە لە مێژە ،فەرەنسا و دنیای ئاگادار کردۆتەوە،گەر دۆخی سوریا بەوشێوەیە بەردەوام بێت،وا کارەساتی ترسناک لە جیهاندا روو دەدات... ئەمەش بەو واتایەی دەتوانین هەڕەشە لەسەر ژیانتان ساز بدەین و گورزتان لێ بوەشێنین و ئارامی و شادیتان لێ تێک بدەین.

لەمەش زێتر، تەقینەوەکانی پاریس،سات بە سات سەرە داوەکانی بۆ سوریا و دیمەشق دەگەڕێتەوە. شیاوی ئاماژە پێدانە ئەو رووداوە دڵتەزێنانەی پاریس، هاوزەمان بوون لەگەڵ بەستی کۆبوونەوەکانی ڤییەنا و وڵاتانی گ ٢٠،بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سوریا .کەواتە سوریا کاتێکی گونجاوی هەڵبژاردووە. ئامانجی سوریا لەم کردەوەیەش ،نیشاندانی پێگە و کاریگەرێتی و پێداویستی مانەوەی بەشار ئەسەد و دەوڵەتی سووریا،تا بتوانێ لەم کەناڵەوە گوشارهێنانێکی زێتر بۆ ئەوروپا و جیهان بهێنێت ، بە مانەوەی ئەسەد رازی بن و هەوڵی بەپەلە بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی کێشەکانی سوریا بدەن.

ئاخر،وڵاتی فەرەنسا کە ئێستا رووبەرووی هەڕەشە و نائارامی لە ڕێی داعشەوە بۆتەوە،رەنگە تا ئێستا تاکە وڵاتی جیهان بێت، بە گردەیری داوای لابردن و نەمانی بەشار ئەسەد دەکات.

ئەوەی جێی سەرنجە،رۆژنامەی تاگە شپیگلی ئەڵمانی رۆژی ٢٠١٥/١١/٦،ئاماژە بەوە دەکات،کە رۆژانە ٣ هەزار پاسپۆرت، لە لایەن سوریاوە دەدرێ بە هاوڵاتییانی و لەم رێگەیەشەوە یری نیو ملیارد دۆلار لەسەرەتای مانگی یەکەوە هەتا ئێستا ـ مانگی ١١ـ چۆتە گیرفانی حکومەتەکەی ئەسەدەوە....لە هەموویشی سەیرتر ئەوەیە زیاتر لە ٨ هەزار،یاسا بۆ ئاسانکاری دەرچوونی پاسپۆرت و درێژکردنەوەی لەلایەن حکومەتی بەشار

ئەسەدەوە دەرچووە... ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە،گەر ئەسەد نەزانێ کارگەلێک ئەوتۆیی بە سوودی خۆی،دەشکێتەوە،وا هەرگیز رێگەی بە کاری لەم جۆرە نەدەدا. لێرەدا نامانەوێ چ قسەیەک لەسەر سیاسەت و رۆڵی نەرێنی راستەوخۆی سووریا لە لوبنان و هەوڵ و مەرامەکانی لە رێی "حیزب الله"ەوە ئەو هەموو تەقینەوە و کوشتارە نییە.

هەرچۆنێک بێت، ئەوە چەند رۆژێکە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەهاوکاری هێزی ئاسمانی دۆستەکانمان لە هاوپەیمانان، لە داستانێکی قارەمانێتیدا، توانی دەڤەری شەنگال لەژێر چنگی خوێناوی و رەشی داعش رزگار بکات و بیخاتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ـ شەنگال، دەکەوێتە سنووری ئەو مادده رووزەردەی بە ١٤٠،ناسراوە و سەرکردایەتی حیزبە کوردییەکان،لە دەستووری ئێراقدا رەشییان کردەوە ـ.

بەم وەرچەرخانە مێژووییەی ئازادکردنی شەنگال، کورد توانی،سەرلەنوێ داگیرکەران نائومێد بکاتەوە، و تەڵە و تەپکەکانیان پووچەڵ بکاتەوە. هاوکات بۆیان بسەلمێنێ و پێیان بڵێ، کەچیتر داعشی چەکی پرندەی دەستتان،ناتوانێ چ کاریگەرێتی و ترس و هەڕەشەیەک لەسەر کورد دروست بکات..هاوسات کورد توانی نیشانی جیهانی بدات،چ هێزێکی کاریگەر و خۆڕاگر و قارەمانە بەرامبەر بە دڕندەترین رێکخراو/دەوڵەتی تیرۆریستی وەک داعش.

ئەم سەرکەوتن و خۆشعاڵییەی کورد،چاو تروکانێکی نەخایاند، ئەوەتا جارێکی دیکە و لە رێیەکی دیکەوە هێزێکی بەکرێگیراوی دیکەی،وەک " حشدی شعبی" یان گاڵ داوە، بەگژماندا بێتەوە. ئاخر دەزانن سەردەمەکە برێگەی ئەوە نادات،خۆیان وەک جاران شەڕ و کوشتاری کورد بکەن، یاخود هەرنەبێ لە هەنووکەدا دەستوپێ گیراون،بۆیەکا پەنا بۆ هێزی داعش و هاوشێوەکانیان دەبەن.

رەنگە تەنیا سەرنجێکی خێرا و کورت، لە راگەیاندنەکەی بەرپرسانی ئەو هێزە دەستکردەی تاران و بەخدا،کە دەڵێن: " ئەوەی داعش پێی نەکرا ، بەرامبەر بە کورد ئێمە دەیکەین" ،بەس بێت بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانمان.

پرسی کورد و دوژمنە هەجۆرەکانی،وانەیەک نییە،من لێرەدا پێشکەشی خوێنەری بەڕێزی بکەم،لێ ئەوەی ناکرێ لەبیرمان بچێ، داواکاریی یەکریزیی و یەکگرتوویی و بەرنامەی ووردە،لە حکومەت و لایەنە سیاسییەکانی بآسووری کوردستان بە تایبەت و هەموو کوردستان بە گشتی. پەنابردن بۆهەر موزایەدەیەکی سیاسی و هەوڵی پاشقول و تۆماری شکست لەسەر یەکتر و تینووبوون بە خوێنی یەکتر و چاوشارکێ لەگەڵ ئەنقەرە و تاران و بەخدا و دیمەشق لەسەر حسابی ئەسڵی کێشە نەتەوەییەکەمان،یاری بەئاگرە و دەرئەنجام خۆسووتان و دۆڕان و ریسوابوون و رووزەردییە لای کورد و مێژوو..بۆیەکا پێویستە لەسەر هەموو لایەک بەوپەڕی بەرپرسانەوە،مامەڵە لە نێوخۆ و لەگەڵ دەرەوەدا بکەن. ئیدی چرکەساتی ئەوە هاتووە،لە مێژووی خوێناویمان و ئەو هەموو تراژیدیا و بەسەرهاتە دڵتەزێن و تاڵانەوە،بە درێژایی ٢٧٠٠ ساڵ زێترە،پەڕۆیەک دڵسۆزانە بۆ لێوە فێربوون دابدڕین و وانەیەکی ئاقڵانە فێربین و چیدی رێگە بە ژیانی بندەستی و ژێر چەپۆکی ستەمکاران بە خۆمان رەوا نەبینین.

یەکخستنی گوتاری کوردی و یەک سەنگەری لەبەرامبەر داگیرکەراندا،دەرچوون لەم تاقیکردنەوە و قۆناخە سەختەدا،کە سەدساڵ بەسەر رێکەوتننامەی ستەمکاری و رووڕەشی سایکس ـ پیکۆدا ،تێدەپەڕێ و کورد و کێشە رەواکەی ،سەرنجی جیهان و ناوەندەکانی بریاردان و زلهێزەکانی بەلای خۆیدا راکێشاوە،دەرفەت و ئاسۆیەکی روون و گەشی باشتری خستۆتە بەردەم گەلەکەمان،تا بە ئاواتە پیرۆزەکانی لە کوردستانێکی ئازاد و یەکساندا شاد بێت..